www.hetaw.net

ژمارە (٧٦٩) چوارشەممە ٣٠ی تەمموزی ٢٠٠٨ی

هەموو چوارشەممەیەک




**زۆر بەکورتی خەباتی چەکداری لەباشووری کوردستان‌و لەباکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوردی خستووەتە ناو نموزەجێکەوە کە نموزەجی دیلبوونەو لەڕاستیدا ئەسیربوونە، هاوپەیمانییەکە نیوەی هی ئازادیخوازییەو نیوەکەی دیکەی هی خۆ بەدەستەوەدانە**

# خەباتی چەکداری کورد، نیوەی لەئازادی‌و نیوەکەی تری لە دیلیدایە

## دکتور بورهان یاسین مامۆستای زانکۆی لۆند_ سوید بۆ ئاڵای ئازادی


ئا: ڕەزا مەنوچەهری


بەشی سێیەم‌و کۆتایی

**لەم ماوەیەدا چەندین کەسایەتی سیاسی‌و ئەکادیمی هەوڵی خۆیان یەکخستووە بۆ ڕێکخستنی کۆنفرانسی مولتەقای کوردستانی بۆ ئاشتی‌و دیالۆگ، ئامانجی ئەو کۆنفرانسە دیاریکردنی پرەنسیبێکی نەتەوەییە کە لایەنە سیاسییەکان‌و کەسایەتی‌و حیزبەکان وەکو هێڵی سوورو هاوبەش سەیری بکەن‌و پێیەوە پابەندبن، ئەندامێکی کۆمیتەی ئامادەکاری ئەم کۆنفرانسە (دکتور بورهان یاسین)ەو لەم چاوپێکەوتنەی ئاڵای ئازادیدا تیشکدەخاتە سەر لایەنەکانی کۆنفرانسەکەو هەڵوەستە لەسەر وردەکارییەکانی دەکات.**

---

**ئاڵای ئازادی: وەک ئاماژەت پێکرد کولتوری سیاسیی پەکەکە کۆمەڵێک قەیرانی هەیە کە کەسی بەرانبەری ناخوێنێتەوە، بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ڕوویداوە، ئەو پێشوازیانی پەکەکە لە ئاگربڕەکان، بوونی پەرلەماتارانی دەتەپە لە پەرلەمانی تورکیا، خەباتی جەماوەری لە باکووری کوردستان کە ڕۆژانە خەڵک دێنە سەر شەقامەکان، گەشەپێدانی ڕاگەیاندنی کوردی لە باکوری کوردستان‌و دروستکردنی چەندین ڕێکخراوی جۆراوجۆر لەبوارە جۆراوجۆرەکانداو گرنگیدان بەو شێوازە کارکردنە نیشانەی ئەوە نییە پەکەکە هەوڵێک ئەدات بۆ ئەوەی کە لەو کولتورە بچووکەی کە هی هەشتاکانەو بۆی ماوەتەوە، ئەو کولتورە سیاسییەی کە بەرامبەرەکەی کەمتر دەخوێنێتەوە، هەروەها لەو شەڕە چەکدارییەی کە هەیە هەندێک خۆی دووربخاتەوەو بچێتەناو شەقام‌و دامودەزگاو ناو خەڵکو بازاڕەکان، دەکرێت ئەوانە بەهەوڵێکی لەوجۆرە پێناسە بکەیین؟**

د. بورهان یاسین: لە ڕاستیدا لەلایەکی ترەوە پەکەکە ئەوەی پیشانی ئێمە داوە، پیشانی خەڵکی کوردی داوە کە توانایی هەیە کە داهێنانی هەبێت لەسیاسەتدا، یانی میتۆدی داهێنانی هەبێت، میتۆدی ئەوەی هەبێت کە شتی تازە بدۆزێتەوە، بۆ نمونە لەو کارە تازانە پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، یەکەم تەلەفزیۆنی سەتلایتی دروستکرد، بەدامەزاروکردنی چالاکیی سیاسیی کورد لە دەرەوەی وڵات بەتایبەتی‌و دواتریشیان ئەوەیە کە تەبعەن لەڕێگای پەرلەمان‌و هێزە یاسای‌و مەشروعەکانی پانتایی سیاسی لە تورکیا گوشار بهێنێت بۆ سەر تورکیا، بەڵام تا ئێستاش پەکەکە بەبڕوای من سەرکەوتو نەبووە لەوە، یان بەو ڕادەیە خۆی ماندوو نەکردووە کە بۆچی ئەورووپای ڕۆژئاوا بەو ڕادەیە حەساسیەتیان هەیە بەرامبەر بە پەکەکە، بۆ ئەمریکا ئەو ڕادە حەساسیەتەی هەیە بەرامبەر بە پەکەکە، یانی پێویستە پەکەکە پێداچوونەوەی وا بکات کە بەڕادەیەکی قوڵ‌و هەمە لایەنە وەڵامدەرەوەی ئەو پێداویستیانە بێت کە هەن، لە لایەکی تریشەوە پەکەکە توانیویەتی لەهەندێک قۆناغدا هەندێک هەنگاو بهاوێژێت کە مناوەرەکان لەخزمەتی کێشەی کورد دەبن وەکو پشتگیریکردن، بەڵام جارێکی تریش پەکەکە پشتگیریی هێزێکی سیاسی ناکات ئەگەر ئەو هێزە سیاسەیەی قبوڵ نەکات لەسێبەری خۆیدا بژیت، ئەوە جارێکی تر کێشەی کولتوری سیاسیی پەکەکەیە، هێزێکی سیاسی دەتوانێت لەدەرەوەی هێزی من بێت، بەڵام خزمەتی هەمان ئامانج بکات بەمیتۆدێکی تر، لە بەر هەر هۆیەک بێت ئەو قبوڵ ناکات بێتە بن سێبەری من، بەو مانایە ناکرێت من لەسەر ئەو کولتورە سیاسیە بڕۆم کە کرۆکەکەی ئەوەیە ئەوەی لەگەڵ من نەبێت دژی منە، نا ئەوەی لەگەڵ من نەبێت دەتوانێت تەواوکەری من بێت، ئەوەی لەگەڵ من نەبێت بەزەرورەت دژی من نییە، ئەوەی لەگەڵ من نەبێت دەتوانێت خزمەتی هەمان ئامانج بکات بەهەر شێوەیەکی تر دەبێت بەهەر ئایدۆلۆجیەک دەبێت. لە باکووری کوردستان ئەوڕۆ ئیسلامی میانڕەویش دەتوانێت خزمەت بە ئامانجە سیاسیەکانی کورد بکات کەواتە ئەگەر پەکەکە ئامادە نەبێت لەپانتایی نەتەوەییەوە تەماشای کێشەکان بکات‌و هەر بەردەوام بێت‌و لە پانتایی حیزبەوە تەماشای کێشەکان بکات، ئەوسا کێشەی خۆی لەگەڵ جەماوەری کورد، کێشەی خۆی لەگەڵ تورکیا، کێشەی خۆی لەسەر دەسەڵاتی باشووری کوردستان، یان جیهان ئەوە جۆرێکە لەقەتیس بوون لەکولتورێک کە کاتی بەسەر چووەو زەرەرمەندە بۆ کورد.

**ئاڵای ئازادی: چەند ساڵ پێش ئێستا خاتەمی لەئێران دەسەڵاتی گرتە دەست‌و بانگەشی ڕیفۆرمی دەکرد، بەڵام لەریفۆرمەکەیدا هیچی بۆ چارەسەریی کێشەی کورد پێنەبوو، ئایا ئەمڕۆ ئاکەپەو ئەردۆغان کە باس لەریفۆرم دەکەن پرۆژەیەکی لەوجۆرەیان پێیە کە بتوانێت کێشەی کورد لەباکووری کوردستان چارەسەر بکات؟**

د. بورهان یاسین: بێگومان تورکیا زۆر جیایە لەئێران‌و بەتەواوەتی جیایەو یەکێک لەرەهەندەکانی جیاوازیی تورکیا لەگەڵ ئێران ئەوەیە کە تورکیا خەونێکی زۆر ستراتیژی‌و دێرینی هەیە، تەنانەت لەسەردەمی عوسمانیەکانەوە ئەو خەونە هەبووە بۆ ئەوەی ببێت بەبەشێک لەشارستانیەتی ڕۆژئاوا، ببێت بەبەشێک لەبازاڕی هاوبەش‌و دواتر یەکێتیی ئەوروپا. ئەوە یەکێکە لەجیاوازیەکان‌و لەڕاستیدا بەراوردکردنی حیزبەکی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەگەڵ دارو دەستەی حکوم لە ئێران بەهیچ شێوەیەک ناکرێت. لەڕاستیدا حیزبەکەی ئەردۆگان لەحیزبە کریستیان دیموکراتەکانی ئەورووپا نزیکترە تاکو لەهێزێکی وەکو تالیبان، قاعیدە، ڕژێمێکی وەک سعودیە کە لەسەر شەریعەت دامەزرابێت‌و ڕژێمێک بێت‌و ئایدۆلۆجیای شیعزم پیادە بکات‌و توندڕەو بێت هەم لەڕەهەندی سیاسەتە ناوخویەکان‌و هەم لەرەهەندی سیاسەتی دەرەوەو هەم لەرەهەندی چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان دیدی بۆ کێشەی نەتەوەییەکان. بەبڕوای خۆم بەراوردێک لەبەینی ئەو دوو ڕژێمە وامان لێدەکات بەشێوەیەکی گشتی بمانگەێنێتە ئەو قەناعەتە کە کرانەوە لەتورکیادا زۆر زۆر ئەگەری زیاترە لە ئێران. پێشتر لەتورکیا پاشەکشێ مەزەندە دەکرا لەوەی کە بەشێوەی کودەتایەکی عەسکەری هەلومەرجە سیاسیەکە بگۆڕێتەوەو وڵاتەکە ببرێتەوە بۆ چوارچێوەی ژمارە یەک، بەڵام بەبڕوای من ئەو کاتو سەردەمە تا ڕادەیەکی زۆر لەتورکیا تێپەڕیووەو تورکیا کەوتووەتە ناو پرۆسەیەکی سیاسییەوە کە لەوێدا دیارە ئیسلامی میانڕەو قبوڵکراوە، کاتێک ئیسلامی نەرمڕەویش قبوڵکراوە کۆڵەکەیەکی هەرە سەرەکی لەئایدۆلۆژیای کەمالیزم هەژێنراوەو کە کۆڵەکەی سیکۆلاریزمە (عەلمانیەت) لەڕاستیدا دیسان بەیارمەتیی ئیسلامی میانڕەو کۆڵەکەی ناسیۆنالیزمیش هەژێنراوە، کەواتە لەبۆچوونێکی کوردییەوە بەبڕوای من ئێمە زیاتر قازانجمان هەیە، ئەگەر هەر هیچ نەبێت ئەردۆگان بۆ ماوەیەکی تریش شانسی هەبێت بەردەوام بێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەبۆچوونی خۆم کوردیش پێویستە بۆچوونی خۆی بگۆڕێت لەسەر خەملاندن‌و مۆبیلیزەکردنی سیاسی لەکوردستان بەو جۆرەی کە ناکرێت ئێمە میتۆدی ئەوەی کە کورد بواری هەبووە لەڕێگای هەندێک هێزەوە بەشداری لەهەڵبژاردنەکان بکات‌و ئەو میتۆدەی چەپ زاید چەپ زاید چەپ وازلێبێنێت‌و میتۆدی چەپ زایدەن ئیسلامێکی میانڕەوی کوردی زایدەن پانتایی نەتەوەیی فراوانتر بکرێت، پانتایی نەتەوەیی لەباکووری کوردستان یەکێک لەکێشە سەرەکییەکانی ئەوەیە کەحەسرکراوە لەپانتایی چەپدا، جا هەمیشە ئەو پانتاییە چەپە کاریگەریەکی تورکیشی لەسەرە بە پەکەکەشەوە، بەبڕوای من پەکەکە لەهەناوو منداڵدانی چەپی تورکی هەڵقوڵاوەو لەو هەڵقوڵانەشی تا ئێستا کاریگەری‌و هۆکاری چەپی تورکیی پێوە دیارە لەسیاسەتەکانیدا، تەنانەت لەپێکهاتەی ڕێکخستنیدا، لە ئایدۆلۆجیەتیدا لەبەر ئەوە یەکێک لەکێشەکانی باکوور بەڕاستی ئەوەیەو ناکرێت ئێمە هەمیشە کوردو تورک لەبەرامبەری یەکدا ڕاگرین بۆ تێگەیشتنی کێشەی کورد، بەڵکو سۆسیۆلۆجیای ناو سیاسەتی کوردی، کۆمەڵگای کوردی بخوێنینەوەو بزانین لەوێدا چ کەموکوڕیەک هەیەو ئەو کەموکوڕیەی کە هەیە بەبڕوای من سەپاندنی مەودای چەپ بەسەر مەودای نەتەوەیی کورددا لەوێ ئەوە سەری داوە لەشکست دوای شکست.

**ئاڵای ئازادی: لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٩٠ بەدواوە شەڕی چەکداری نەماوەو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات پاشەکشەیان کردووەو لەباشوور نیشتەجێ بوون، دابڕانێک لەبەینی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و جەماوەردا دروستبووە، ئایا گرتنەبەری سیاسەتێکی لەو شێوەیەو دانیشتن لەدیوی باشوور هەڵقوڵاوی سیاسەت‌و ئیرادەی خۆیانە، یان سیاسەتی باشوورە بەرامبەر ئەوان؟**

د. بورهان یاسین: دیارە بوونی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەباشووری کوردستان مەودای ئازادیی ئەوان لەسەدی سەد دەهێنێتە خوارەوە بۆ ژمارەیەک کە من نازانم چەندە، دووەم کەمبوونەوەی جەماوەریەتی ئەو حیزبانە تەنها لەمەسەلەی خەباتی چەکداریدا قوت نابێتەوە، پەرتەوازەیی‌و دابەشبوون‌و بەڕاستی حاڵەتی لێک جودا بوونەوە کاریگەریەکی زۆر گەورەی هەبووە. ئەوە لەسروشتی سایکۆلۆجیای نەتەوەبووندایە، نەتەوەبووە لەیەکبووندایە، نەتەوەیی بوون لەپەرتەوازەیی‌و پارچ پارچە بووندا نییە، لەڕاستیدا ئەوەش جەدەلی دیموکراسی‌و نەتەوەبوونە، دیموکراسی پەرتەوازەیی قبوڵ دەکات، نەتەوەبوون کەمتر قبوڵی دەکات، بەبڕوای من ئەو جەدەلە لەناو کولتوری سیاسی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی باش تێگەیشتنی لەسەر نییە، بەڵام لەحاڵەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو پەرتەووازەیی بەبۆچوونی من سێ کۆمەڵە، دوو دیموکرات‌و هەروەها پاشەکەشەیەکی گشتی لەسیاسەتە کوردیەکان دەکرێت هۆکاری سەرەکی بن. لەمەسەلەی خەباتی چەکداریدا من زەرەری نازانم، من لەبۆچوونی تایبەتی خۆمەوە کە بۆ هەموو کەس دیارە من یەکێکم لەوانەی کە زۆر زوو نوسراوێکم نووسیوەو زۆر ڕەخنەگرانەیە لەسەر خەباتی چەکداری‌و ساڵی ٩١ بڵاوبووەتەوە کە زیاتر لەسەر ئەزموونی باشووری کوردستانەو دواتر لەساڵی ٩٨-٩٩ شکستی پەکەکەو دەرچوون، یان دەرکردنی ئۆجەلان لەسوریا وتارێکی ترم نوسیوەتەوە لەسەر شکستهێنانی خەباتی چەکداری. زۆر بەکورتی خەباتی چەکداری لەباشووری کوردستان‌و لەباکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوردی خستووەتە ناو نموزەجێکەوە کە نموزەجی دیلبوونەو لەڕاستیدا ئەسیربوونە، هاوپەیمانییەکە نیوەی هی ئازادیخوازییەو نیوەکەی دیکەی هی خۆ بەدەستەوەدانە، لەباشوور تۆ ناچار بوویت لەگەڵ ڕژێمێک کەکورد دەچەوسێنێتەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوپەیمان بیت، ئەو هاوپەیمانییە ناسروشتی بوو، ناتەندروست بوو لەڕاستیداو پشت شکێن بوو لە ڕاستیداو کاتێکیش لەساڵی ٧٥ ئەو بازنەی هاوپەیمانییە شکستی هێنا تۆ تووشی تراژیدیا بوویت، هەمان حاڵەت ڕوویدایەوە لە ٩٨-٩٩ لەدەرکردنی ئۆجەلان‌و شکستهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ سوریا، بەڵام جیاوازیی ٩٨-٩٩ لەگەڵ ٧٥ ئەوە بوو لە ٧٥ تۆ هیچ جێگایەکت نەبوو سەری پیا بکەیت، بەڵام لە ٩٨-٩٩ دیارە بۆشاییەکەی عەسکەری، سیاسی‌و ئیداری لە باشووری کوردستان هەبوو کە پەکەکە خۆی بەوە گرتەوە، پەکەکە بەشتێکی تریش خۆی گرتەوە کە ئەویش ئەوە بوو ڕێکخستنی خۆی لەدەرەوەی وڵات بەهێز کردبوو و توانیی بمێنێتەوە، بەهەر حاڵ ئەوە ئێمە لەهەڵسەنگاندنی خەباتی چەکداریدا بەڕاستی پێویستیمان بە گوتارێکی سیاسیی سەر پێی نییە، بەڵکو پێویستیمان بەلێکۆڵینەوە هەیە کە ئەو خەباتە چەکدارییە چەند کاریگەریی هەبووە لەسەر کۆمەڵگای کوردەواری‌و چەند کاریگەریی هەبووە لەسەر بالانسی هێز لەنێوان ڕۆخێکی لاواز کە کوردستانەو لەگەڵ ناوەندێکی بەهێز کەتاران‌و بەغداو ئەنقەرەیەو زایدەن ئەوەی کە پەیوەندییە هەرێمییەکان‌و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەموویان بابەتن‌و دەبێت لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت.

**ئاڵای ئازادی: جگەلەوەی کە دەستیان لەشەڕی چەکداری هەڵگرتووە، ئەو سیاسەتەی کە کۆمەڵەو دیموکرات پاش ٩٠-٩١ گرتویانەتە بەر دابڕانینان لەجەماوەر یەکێک لە ئەنجامەکانیەتی، وەچەی تازە بەبێ ئامادەبوونی ڕێکخستنی حیزبەکان خۆیان لەدەوری (ئن جی ئۆ)و ئەنجومەنی ئەدەبی‌و ڕێکخراوی تر وەکو گەنجان، ژنان‌و ژینگە ڕێکخستووە، ئایا ئەو سیاسەتەی کەگرتویانەتە بەر هەڵقوڵای ناخی خۆیانە، یان بەپێی هەلومەرجی ناوچەکە ڕەچاوی دەکەن، یان لەباشوور بەسەریاندا سەپاوە؟ تەنانەت لەناو خۆیشیاندا نەیاتنوانیوە ئۆرگانە ڕەسمیەکانیان لەکاتو بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە دایانناوە چاپ بکەن‌و لەهەڵکێش‌و داکێشدا بوون؟**

د. برهان یاسین: خۆی لەڕاستیدا گرنگیدانی خەڵک بەڕێکخراوی ژینگەو ئەو جۆرە ڕێکخراوانە بەکەم نازانم، بەپێچەوانەوە زۆر بەزۆری دەزانم، واتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی پرۆسەیەکی دەستپێکردووە بۆ بیناکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دوور لەسێبەر و کاریگەریی حیزبە سیاسیەکان‌و ڕەنگە زۆرجار ئەو سێبەرە زەرەردارتر بێت تا قازانجی هەبێت، بەڵام دەبێت ئێمە لایەکیش لەبیر نەکەیین کە گوشاری ڕژێمی ئێران گوشارێکی زۆرەو هەموو میتۆدێک بەکار دەهێنێت بۆ تۆقاندن‌و ترساندن‌و ئەو حاڵەتی کەلە ئێران ئەوڕۆ ڕوودەدات دیارە لەعێراق کاتی خۆی بزوتنەوەی کوردی تووشی پەرتەوازەیی‌و بێهێزی بوو و لەڕاستیشدا لەڕۆحیشەوە دەرپەڕێندرابوو لەساڵی٨٩ لەبەر ئەوە لایەنێکی گرنگی ئەو بێهێزبوونە ئەوەیە کە گوشارو بەهێزبوونی ڕژێمە، کاتێک ڕژێم لەناوەند بەهێز دەبێت ڕۆخەکە زۆر بێهێز دەبێت. کاتێک ڕژێم لەناوەند بێهێز دەبێت ڕۆخەکە دەتوانێت سەر هەڵبدات‌و خۆی ڕێکبخات‌و هەنگاوێک بۆ پێشەوە هەڵێنێت، دیارە ئەزموونی باشووری کوردستان لەڕاستیدا ئەوە پیشاندەدات ئێمە لایەنی سیاسی لەکوردستان لە ٨٩ پێش چوونە ناوەوەی سەدام بۆ کوێت لە ڕادەی هەرە نزمیدا بوو لەڕاستیدا، لەقەیرانێکی قوڵی دەروونی‌و سیاسیدا دەژیا، تەنانەت ئەوە جیاوازی لەگەڵ ٧٥ ئەوە بوو کە بەرەی کوردستانی بانگی پاشەکەشەی بەتەواوەتی‌و نسکۆی بەتەواوەتی نەکرد، بەڵام لە٧٥ ئەوەکرا، بەڵام دەبینیت دوای چەند مانگێک دیکتاتۆر دەچێتە ناو کوێتەوەو لێی دەدرێت‌و عێراق شکست دێنێت‌و هەلومەرجی کورد سەدوهەشتا پلە دەکەوێتە حاڵەتێکی زۆر تازەوە.

---

**پرۆفایل**

**دکتور بورهان یاسین ساڵی ١٩٥٦ لەباشووری کوردستان لەدایکبووە.**

**ساڵی ١٩٨٣ چووە بۆ سویدو تا ئێستا لەوێ نیشتەجێیە.**

**لە١٩٩٥ پلەی دکتۆرای لەمێژووی سیاسی لەبابەتی کوردستان لەسیاسەتی زلهێزەکاندا بەدەستهێناوە.**

**ئێستا مامۆستای زانکۆی لۆند_ سویدە.**

**هاوکات کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنفرانسی نەتەوەییە.**

